# چەخماخەی شەڕ

لە کۆتاییدا پێشبینیەکانی شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق بە ڕاست وەرگەڕان و جارێکی تریش بەغدا بووە هەدەفی موشەکە دورهاوێژەکانی ئەمریکا. کاتژمێری سێ و نیوی سەرلەبەیانی ٣/٢٠ بە کاتی ئەوروپا، موشەکەکانی ئەمریکا خواروی بەغدادیان هەژاند و سەرتاسەری جیهانیان پەیوەندیدار کرد.

وێنە شەڕەنگێزەکانی، بوش و سەددام شاشەی (تی ڤی) کانیان داگیر کرد.

بە پێچەوانەی هەموو شارەزایانی سەربازی و سیاسی کە پێیان وابوو، ئەمریکا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە بەردەوامی عێراق لە هەوا و زەمینەوە بۆ ردومان دەکات، تەنها سەرەتا چل موشەکیان ئاڕاستەی بەغدا کردوە، بە گوێرەی هەندێک هەواڵ ئامجی ئەو بەرکوڵە سەددام و کوڕەکانی بووە.

بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە دەستگای جاسوی (سی ئای ئەی) بوشیان ئاگادرکردۆتەوە کە جێگایی سەددام و پیاوەکانی دەستنیشان کراوە، بۆیە ئەمریکا نەیویستووە ئەو هەڵە لەدەست بدات، چونکە ئەگەر لەو کارەیاندا سەرکەوتوبوونایە ئەوا عێراق لە ماوەی چەند کاتژمێرک یانیش زۆریەکی چەند ڕۆژێکدا وەکو هێلکەیەکی پاک کراو دەکەوتە بەردەمی سەربازانی ئەمریکایی. بەڵام پێ دەچێت سەددام حسێن لە (سی ئای ئەی) بیژی تربێت، چونکە وەک باس دەکرێت ساڵی ١٩٩١ سەددام لە سەفارەتخانەی بەریتانیدا لە بەغدا خۆی شاردۆتەوە.

هەمان کات، پێ دەچێت ئەمریکا بیەوێت هەڵوێستی زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکەی باشتر بۆ ڕونبێتەوە، چونکە ئەمریکا ڕاستەوخۆ هەموو یاسا نێونەتەوەیەکانی خستە ژێر پێی.

هەمان کات بوش لە پەیامەکەی خۆی بۆ ئەمریکا و جیهان، وەعدی ئەوەی نەدا کە شەڕەکە لە ماوەیەکی کورتدا کۆتای بێ دێت، بەڵکو ناڕاستەوخۆ بانگاشەی ئەوەی کرد کە ڕەنگە شەڕەکە درێژخایەن بێت، بەڵام ئەوەی دوپات کردووە کە "جگە لەسەرکەوتن هیچ شتێکی تر قبقوڵ ناکەن".

هەمان کات سەددام لە تی ڤی ئەو وڵاتەوە دەستی کردووە بە کاوێژکردنەوەی قسەکانی پێشووی و باسی "سەرکەوتن و جیهاد و پەیڤە ئاسمانیەکانی" هێنایەوە گۆڕێ، بەڵام پێ دەچێت ئەوە دوا پەیام و وێنەی سەددام بێت بە زیندوی لە سەر شاشەی (تی ڤی ) وە ببینرێت، چونکە ئەم جارە یاری پشیلە و مشک کۆتایی پێ دێت، بوشی گوربە لە تەڵەکەی دەکاتەوە و نۆشی گیانی دەکات. گەلی عێراق و گەلی کورد لە باشووری کوردستان ٣٤ ساڵە بە دەست سەددام و داروەدەستەکەیەوە دەتلێنەوە و لە دەریایەک خوێندا مەلە دەکەن. ئەمریکا گورگێکە و لە پێستی مەڕدا خۆی حەشار داوە و درەنگ یان زوو ماسکەکەیان لادەچێت و ڕەنگە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردیشەوە، لە داهاتوودا ڕوبەڕوی داروەدەستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکدا ببنەوە، بەڵام ئالەم کاتەدا ڕەنگە وەکو خەڵکی کوەیت گوڵ بارانی سەربازانی ئەمریکایی بکەن. ئاخر بۆ ئەنفال کراوێک و بۆ ئەوانەی کە دەیان ساڵە لە سجنە تاریک و تونەکانی سەددام دا بەسەر دەبەن، نەک ئەمریکا بەڵکو هەر درندەیەکی تریش بێت پێشوازی لێ دەکەن. ئای لەو ڕۆژەی ئەرشیفی بەعس دەکرێتەوە و پەردە لەسەر تاوانەکانی بە عسیە کۆن و تازەکان هەڵدەماڵدرێ!





کاوە ئەمین

www.kurdistanet.org